# پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک له 7-11 تاکو 11-11-2005

## کۆچی دوای

سیروان ئەمین

لە وڵاتێکی وێران دا دەسڵاتیکی زاڵم هەبوو، هەموو دەسەڵاتی بۆ خزم و کەس و کارەکەی قۆرخ کردبوو، هەرکەسێ حکومەتی خۆش نەویستایە و بەرهەڵستی بکردایە یان دەیان کوشت یان لە سیاچاڵەرەشەکانە ونیان دەکرد، ئەم دەسەڵاتە هەموو دێهاتیەکانی لە چەند تەلبەندی جیاجیادا کۆکردبوە تا گیانی یاخی بوون لە نێوانیاندا بنە بڕ بکات وە بە چەکدارو یاساوڵەکانی خۆی چواردەوری گرتبوون و نەی دەهێڵا کەسیان بێ پرسی دەوڵەت بچنە دەرەوە.

کوڕێکی گەنج و دایکێکی پیر کە لەخێزانیکی 10 کەسی مابوونەوە و پێکەوە دەژیان، لەبەر نەهامەتی ژیان و لە ترسی یاساوڵەکانی دەسەڵات دایکەکە کوڕکەی ناردە شاریکی دورەدەست تا هەم کار بکات و بژێوی پەیدا بکات هەم لە بەر چاوی دەسەڵات نەبێت.

کورە هەموو جاری دەهاتەوە و لە دەرگای دەدا کەسێکی نەناس دەرگای لێ دەکردەوە، هێشتا ئەم پرسیارەکەی لە مەڕ ماڵی خۆیان تەواو نەدەکرد کە پێیان دەوت ماڵتان باری کردوە، ئەویش ناچار لە دەرگای هاوماڵەکەیانی دەداو ئەوانیش شوێنی ماڵەتازەکەیان پێ دەوت، چونکە لە بەر هەژاری بە کرێ دادەنیشتن و هەموو جار لە خانوو دەریان دەکردن.

کە دەش چوە ماڵەوە تێر تێر بەرۆک ولامل و دەستی دایکی ماچ دەکردو تا دەمی بەیان پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد و باس و خواسی ئەو ماوەییان دەکرد کە لێک دابڕابوون.

ئەم جوتە تەنها لەبەر یەک دڵیان بەژیان خۆش بوو وە هەستیان دەکرد کە کەسێک هەیە دڵیان پێ خۆشەوە و لە پێناویدا دەژین و هەمیشە بیریان لەیەک دەکردەوە. کە دەگەڕایشەوە جانتاکەی پڕ دەکرد لە شرینی و کولیچەو کاکڵە گوێز و شتی خۆش.

جارێکیان کورە گەڕایەوە ماڵەوە، بەتامەوزرۆوە بیری دایکی دەکرد و حەزی دەکرد چی زوتره ببینێ، لە دەرگای دا، بەڵام ئەمجارەیان بە پێچەوانەی جارانی پێشوو کەس دەرگای لێ نەکردەوە، چەند جار لەدەرگای دایەوە هەر کەس نەیکردەوە، ناچار بوو لە دەرگای هاوماڵێکیانی دا ئەوانیش هەر دەرگایان لێ نەکردەوە، لە دوەمی دا و لە سێیەمی دا کەس نەیکردوە، وەڕەس بوو، گیانی شەڵاڵی عارەقە بوو، هەستی کرد تای لێ یە و دڵی توند تر لێ دەدا، چەند جار بیری لە دەیان شی ناخۆش کردەوە بەڵام دواتر دڵی خۆی دایەوە تونای دایە بەر خۆی، ویستی جارێکی تر لە دەرگا بداتەوە بەڵام بینی هاوماڵەکانیان پێکەوە هاتنە دەرەوە، زۆر سەری سوڕماو خەریک بوو شێت بێ، ڕوی لە تەمەنترین ژن کرد کە بۆ لای ئەم دەهات، پورێ گیان ماڵمان بۆ کوێ باری کردوە؟

ژنە بەتەمەنەکە بە میهرەبانیەوە لێی هاتە پێشەوە و وتی کوڕم ناتوانم لێتبشارمەوە ماڵتان باری نەکردوە بەڵکو دایکت باری کردوە.

کورە نەوجوانەکە لە مەبەستی ژنەکە تێگەیشت و دنیا لە بەر چاوی تاریک داهات و هەستی بە پشوسواری کرد، نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و بەسەر چۆکی دا کەوتە ناو خۆڵە پەتانییەکەوە* و هەستی کرد لە دونیادا شتێک نەماوە ئەم دڵێ پێی خۆش بێت و لە پێناویدا بژێت و ئاگای لە دونیا نەما.

* پەتانی: لە گەرمیان بەو خۆڵەی کە زۆر ورد دەبێ لە سەر ڕێگاکاندا دەڵێن خۆڵە پەتانی.